# مرۆڤی بێ ماف

## باری مافی مرۆڤ لە کوردستاندا

د.کەمال سەید قادر
drkamalsaidqadir@gmx.at

مافی مرۆڤ وەکو ئەو مافو ئازادی یە بنەڕەتی یانەی کەوا هەمو مرۆڤێک لە سەر بناغەی یەکسانی شایانی یەتی، وە وەکو بوارێک لە بوارەکانی یاسا کەوا ئەرکی سەرەکی پاراستنی تاکە کەسو گروپە لە پێشێلکردنی ئەو مافانەی کەوا یاسای نێو دەولەتی بۆی دابین کردون، لە لایەن دەولەتانو کەسانەوە، دیاردەیەکی نوێ یە لە مێژوی مرۆڤایەتدا. سەرەتاکەی هزرێکی فەلسەفی بو تاکو قۆناغ بە قۆناغ بوە بوارێکی تایبەت لە یاسای نێودەولەتیدا بۆ پاراستنی مافە هەرە بنەڕەتی یەکانی مرۆڤ وە دانانی مەرجە بنەڕەتی یەکانی مامەلە کردنی دەولەت لە گەل هاولاتیاندا.

سەرچاوە نێودەولەتی یەکانی مافی مرۆڤ بریتین لە ڕێککەوتنامە نێودەولەتی یەکانو عورفی نێو دەولەتی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ.

جاری گەردونی مافی مرۆڤ یەکێکە لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی مافی مرۆڤ کەوا ئێستا بوەتە عورفێکی نێودەولەتی.
سەرچاوە هەرە گرنگەکانی تری مافی مرۆڤ لە سەر ئاستی نێودەولەتیو ناوچەیی بریتین لە ڕێککەوتنامەی نێودەولەتی بۆ مافە شارستانیو سیاسی یەکان، ڕێککەوتنامەی نێودەولەتی بۆ مافە ئابوریو کۆمەلایەتیو کولتری یەکان، ڕێککەوتنامەی ئەوروپی بۆ مافی مرۆڤ وە ڕێککەوتنامەی وولاتانی ئەمریکی بۆ مافی مرۆڤ.

ئەم ڕێککەوتنامانە لە حالەتی ئاساییدا تەنها پابەندن بۆ ئەندامەکانیان بەلام هەندێ ڕێککەوتنامەی تر هەن کەوا لە سەر ئاستی جیهانی پابەندن وەکو ڕێککەوتنامەی قەدەغەکردنو سزادانی تاوانەکانی جینۆساید.

بونە ئەندامیش لە ڕێککەوتنامەیەکی نێودەولەتیدا خۆی لە خۆیدا ئەوە ناگەیەنێت کەوا

دەولەتی ئەندام لە ڕاستیشدا ڕیز لە مافی مرۆڤ دەگرێت. هەر بۆ نمونە تورکیا کەوا ئەندامی کاریگەرترین ڕێککەوتنامەی مافی مرۆڤە لە جیهاندا ئەمیش ڕێککەوتنامەی ئەورپی یە بۆ مافی مرۆڤ، لە هەمان کاتدا سەرجەلەیەکی ڕەشی هەیە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بەلام ئەم جۆرە دەولەتانە دەتوانن توشی لێپرسینەوەی نێودەولەتی ببن.

هیچ دەولەتێکۆ تاکێکو گروپێک نی یە لە جیهاندا نەتوانێ لێپرسینەوەی نێودەولەتی بیگرێتەوە ئەگەر بێتو مافەکانی مرۆڤی پێشێل کرد. ئە پرنسیپە بە هەمان جۆر هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە کەوا لە لایەنی یاسایی یەوە بەشێکە لە دەولەتی عێراقی فیدرال وە عێراقیش ئەندامی ژمارەیەک لە ڕێککەوتنامەکانی پاراستنی مافی مرۆڤە.
ڕێککەوتنامەکانی مافی مرۆڤیش دەبێت ڕەنگدانەوەیان هەبێت لە یاساکانی ناوخۆدا تاکو هێزێکی یاسای یان پێ ببەخشێت.

بۆ ئەم مەبەستەش زۆرینەی هەرە زۆری ڕێککەوتنامەکانی مافی مرۆڤ لە بڕگە جیا جیاکانیاندا دەولەتانی ئەندام پابەند دەکەن بە گواستنەوە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنامە نێودەولەتی یەکان بۆ سیستەمی یاسایی ناوخۆ بۆ چەسپاندنو جێ بە جێ کردنیان بە شێوەیەکی یاسایی، هەروەکو بۆ نمونە بڕگەی 2(2) لە ڕێککەوتانمەی مافە مەدەنیو سیاسی یەکان کە داوا لە دەولەتانی ئەندام دەکات هەلسن بە دەرکردنی یاسای پێ ویستو هەمو هەنگاوێکی تر بۆ چەسپاندنو جێ بە جێ کردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنامەکە لە سەر ئاستی ناوخۆدا.
هەر بەم جۆرەش ڕێککەوتنامەی مافەکانی منال لە بڕگەی 2 یدا، ڕێککەوتنامەی نەهێشتنی هەمو جۆرە جیاوازی کردنێک دژ بە ئافرەتان لە بڕگەی 3 یدا، ڕێککەوتنامەی دژ بە ئەشکەنجەدانو سزادانی دڕندانە لە بڕگەی 2(1) دا وە ڕێککەوتنامەی قەدەغەکردنو سزادانی تاوانەکانی جینۆساید لە بڕگەی 5یدا، هەمان داواکاریان لە دەولەتانی ئەندام هەیە.

دەولەتانیش لە لایەنی خۆیانەوە سێ میتۆدی سەرەکی بە کاردەهێنن بۆ گواستنەوەی یاسای نێودەولەتی بۆ سیستەمی یاسایی ناوخۆ:

1. ڕواندنی ڕاستەوخۆی یاسای نێودەولەتی لە یاسای ناوخۆدا بە بڕیارێکی دەسەلاتی یاسادانان، تاکو ڕێککەوتنامەکە خاسلەتی یاسای ناوخۆ

وەرگرێت.

2. دەرکردنی یاسای جۆراوجۆر لە بوارەکانی یاسای سزاییو، مەدەنیو بە ڕێوەبردندا کەوا دەقەکانیان لە گەل دەقەکانی ڕێککەوتنامە نێودەولەتی یەکان بگونجێت یاخود ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەم دەقانە بن.
3. یاخود ڕێککەوتنامەکە خۆی لە برگەیەکیدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خۆی دەکات بە بەشێک لە یاسای ناوخۆی دەولەتانی ئەندامی ڕێککەوتنامەکە.

ڕێگایەکی تریش ئەوەیە کاتێک دادگاکانی ولاتێک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاسای نێودەولەتی وەکو سەرچاوە بە کار دەهێنن.

ئەو مافانەی کەوا لە ڕێککەوتنامەکانی مافی مرۆڤ هاتون، بریتین لە مافە هەرە بنەڕەتی یەکان وە نەک هەمو ئەم مافانەی کەوا مرۆڤ شایانی یەتی، بەلام دەولەت دەتوانێت جیا لەوە مافی زیاتر بۆ هاولاتیانی دابین بکات وەکو لە بواری مافە ئابوریو کۆمەلایەتیو کولتوریو مافی کەمایەتی یەکان.

بە هەر شێوەیەک بێت گواستنەوەی ڕێککەوتنامەکانی مافی مرۆڤ بۆ یاسای ناوخۆ زۆر گرنگە چونکە یە کێک لە کەمو کورتی یەکانی یاسای نێو دەولەتی بە شێوەیەکی گشتی ئەوەیە  کەوا دامو دەزگای پێ ویست بۆ جێ بە جێ کردنو چەسپاندنیان بە شێوەی پێ ویست بە کار نین. بۆ نمونە وەکو دادگایەکی تایبەت هەبێت کەوا هەمو کەس وەکو دادگایەکی ناوخۆ بتوانێت لە کاتی پێویستدا پەنای بۆ بەرێت.
 گواستنەوەی ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنامانە بۆ یاسای ناوخۆ ئەم کەمو کورتی یە تا ڕادەیەکی زۆر پڕدەکاتەوە بە مەرجێک ئەم ولاتە سیستەمێکی دادگایی سەربەخۆو بێ لایەنی هەبێت.  وە مەرجیش نی یە ئەم ولاتە هەر ئەندامی ڕێککەوتنامەیەکی نێو دەولەتیش بێت. هەرێمی کوردستان کەوا دەولە تێکی سەربەخۆ نی یە تاکو ببێتە ئەندامی ڕێککەوتنامەیەکی نێودەولەتی بە هەمان شێوە دەتوانێت ناوەڕۆکی ڕێککەوتنامە نێودەولەتی یەکان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ بگوازێتەوە ناو سیستەمی یاسای ناوخۆی هەرێم.

زۆربەی هەرە زۆری ولاتانی جیهان میتۆدی جیا جیا بە کار دەهێنن لە یاسای ناوخۆدا بۆ دابین کردنی مافی مرۆڤ، وەکو:

1. چەسپاندنی مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکان لە دەستوری دەولەتو هەرێمە فیدرالی یەکان، بۆ نمونە دەستوری هەرێمی فیدرالی بایرن کەوا بەشێکە لە کۆماری فیدرالی ئەلمان، لە بەشی دووەمیدا ئەم مافو ئازادی یانە دابین دەکات.
2. ڕاگەیاندنی جارێکی مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکان هەروەکو بۆ نمونە جاڕی هەرێمی کوێبێک لە کەنەدا بۆ پاراستنی مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکان.
3. پەرلەمانی ولاتێک یاخود هەرێمێک هەلدەسێت بە خشینی پلەی یاسای ناوخۆ بەو ڕێککەوتنامە نێودەولەتی یانەی کەوا دەیەوێت ڕیزیان لێ بگرێت هەتا ئەگەر ئەندامیشیان نەبێت.
4. دەولەت یاخود هەرێم هەلدەستێت بە دەرکردنی یاسای جیا جیا بۆ دابین کردنی ئەو مافانەی کەوا لە سەر ئاستی جیهانی پەیڕەو دەکرێن.

دەولەتو هەرێمەکان هەرچی میتۆدێک بە کار بهێنن بۆ چەسپاندنی یاسای نێو دەولەتی لە سیستەمی یاسایی ناوخۆدا، هەولەکانیان شێوەیەکی زۆر کاریگەر وەرناگرن ئەگەر بێتو لە هەمانکاتدا یاسایەک لە سەر چۆنی یەتی واتە ئوسولی جێ بە جێ کردنی یاساکەی مافی مرۆڤ دەرنەچێت، واتە یاسایەک لە سەر چۆنی یەتی جێ بە جێ کردنی یاسایەک، وە لە هەمان کاتیشدا دەبێت ئەم لایەنە دادگایی یە دیاری بکرێت کەوا چاودێری جێ بە جێ کردنی ئەم یاسایە دەکات، بۆ نمونە وەکو دادگای کوێبێک بۆ مافی مرۆڤ کەوا ئەرکی چاودێری کردنی جا ڕی کوێبێکە بۆ مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکان.

ئە گەر سەیری دەستوری ڕژێمەکانی پێشوی عێراق بکەین دەبینین هەتا دەستورەکانی ڕژێمی بەعسیش لە ناوەڕۆکەکەیاندا زۆر لە مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکانیان دابین دەکرد بەلام لە ڕاستیدا هاولاتیان دەستیان نەدەگەیشت بە هیچ مافێکیان چونکە نە ئوسولەکەی دیاری کرابو نە لایەنە دادگای یەکەشی تاکو چاودێری ئەم مافانە بکات کەوا لە دەستورەکە هاتبون.

هەرێمی کوردستانیش وەکو هەمو ولاتو هەرێمێکی تری جیهان پابەندە بە ڕیزگرتن لە مافی مرۆڤ، ئەگەرچی تا ئێستا دەسەلاتی هەرێم بە هیچ هەنگاوێکی ڕاستەقینە هەلنەساوە لە بوارەدا.

## باری مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا

لە هەر شوێنێکدا سەرچاوە یاسایی یەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ، جا چ لە شێوەی دەستورێک ، یاخود جارِێکی مافو ئازادی یە بنەرِەتی یەکان یاخود یاسای جیا جیا بێت، بونی نەبێت، ئەوا مافی مرۆڤ لەم شوێنەدا بونی نی یە. پاراستنی مافی مرۆڤ لەم جۆرە شوێنانەدا لە سەر میزاجو هەستە سروشتی یەکانی رِۆژانەی لێپرسراوان وەستاوە، نەک لە سەر بناغەی دادگوزاریو رِیزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ بە شێوەیەکی یەکسان. مافی هەرکەسێک لە حالەتێکی وادا پەیوەندی بە پێگەی ئابوریو کۆمەلایەتیو هێزی ئەو کەسەدا هەیە لە کۆمەلگادا، واتە چەند بە هێز بیت بە قەدەر ئەوەش ماف بۆخۆت داگیر دەکەیت بەلام لە سەر حسابی خەلقانی تر.

هەرێمی کوردستان یەکێکە لە هەرێمە هەرە دەگمەنەکانی جیهان کەوا پرِۆپاگەندەی دیمکراسیەتو دادگوزاری دەکات بەلام مافی مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک لە یاساو هەلسوکەوتی دەسەلاتدارانی هەرێمدا بونیان نی یە.
وە ناشتوانێت بونی هەبێت چونکە نە سەرچاوە یاسایی یەکانی دیاری کراوە نە ئوسولە یاسایی یەکەیو نە لایەنە دادگای یەکەشی بۆ چاودێری کردنی چەسپاندنی ئەم مافو ئازادی یە بنەرِەتی یانە.

کوا هەرێمی کوردستان تا ئێستا دەستورێکی نی یە وەکو زۆر لە هەرێمە فیدرالی یەکانی تری جیهان تاکو لە بەشێکیدا مافو ئازادی یە بنەرِەتی یەکان دابین بکات، ئەگەر لە رِێگای دەستوریشەوە نەبێت ئەوا تا ئێستا لەم هەرێمەدا جارِێکی مافو ئازادی یە بنەرِەتی یەکان رِانەگەیاندراوە هەروەکو لە نمونەی هەرێمی کوێبێکی کەنەدی باسمان کرد. پەرلەمانە سستەکەی کوردستانیش تا ئێستا یاسای جیا جیای دەرنەکردوە بۆ دابین کردنی ئەو مافانەی کەوا لە رِێککەوتنامە نێودەولەتی یەکان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ هاتون. دادگاکانی کوردستانیش نە کار بە رِێککەوتنامەکانی مافی مرۆڤ دەکەن نە رِیزیش لەم مافانە دەگرن بە گوێرەی پێوەرە نێودەولەتی یەکان.

وە هەتا ئەگەر گریشمان یاسای لەم جۆرە هەبوایە ئەوا لە ژێر هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستاندا کاریگەری یەکی وایان نەدەبو، چونکە پاراستنی مافی مرۆڤ پێش

هەمو شتێک پێویستی بە سیستەمێکی دادگای سەربەخۆو ئازادو بە توانا هەیە. ئەم مەرجەش تا ئێستا لە کوردستاندا نەهاتۆتە دی چونکە سیستەمی دادگایی لە هەرێمدا بە شێوەیەکی گشتی بە سیاسەت کراوە وە هەتا لە هەندێ حالەتیشدا لە لایەن هەندێ لێپرسراوی حیزبیو حکومی یەوەو وەکو ئامرازێک بە کار دەهێنرێت بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. دادوەرەکان لە زۆر حالەتدا خۆیان بە نوێنەرانی حیزب دەزانن لە دادگاکاندا وە لە جیاتی گەڕان بە دوای ڕاستیو چەسپاندنی دادگوزاری، بەرژەوەندی حیزبەکانیان لە بەر چاو دەگرن.

نەبونی سەرچاوە یاسایی یەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا هۆی سەرەکی ئەو پێشلکاریانەی مافی مرۆڤە لەم هەرێمەدا. تاوانەکانی ئەشکەنجەدانو، بێ سەروشوێنکردنو گرتنی نایاسایی هەر هەمویان بە پێ ی یاسای نێودەولەتی بە پێشکاری یە قورسەکانی مافی مرۆڤ لە قەلەم دەدرێن کەوا بکەرەکانی بۆیان هەیە توشی سزای قورس ببنەوە. باسی گەندەلی سیاسیو ئیداریو ئابوریش هەرناکەین کەوا ژمارەیەک لە بنەمالەی گەندەلی خاوەن دەسەلات بۆتە پیشەیان وە دەسەلاتو داهاتی کوردستانیانشیان بە زۆر لە سەر خۆیان تاپۆ کردوە لە سەر بناغەی ویراسی.

هەرچەندە ڕاستیشە کەوا دەستوری هەمیشەیی عێراق دانی بە مافو ئازادی یە بنەڕەتی یەکاندا ناوە، بەلام لە هەرێمی کوردستاندا تاکو ئێستا کار بەم مافو ئازادی یە بنەڕەتی یانە ناکرێت ئەگەرنا بۆ نمونە ئازادی ڕۆژنامەگریو ڕادەربڕین دابین دەکرا کەوا بەشێکن لە دەستور عێراقی وە هەرێمی کوردستانیش بە پێ ی یاسای نێودەولەتی بەشێکە لە دەولەتی عێراق. بەلام کار بە بڕگە ئابوری یەکانی دەستوری عێراق دەکرێت لە هەرێمدا بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە دەرهێنانی نەوتەوە هەبێت کەوا کەس نازانێت بە تەواوەتی لە سودی چ کەسانێکو بنەمالەیەکن.

پشتگوێ خستنی مافی مرۆڤ لە لایەن دەسەلاتدارانی کوردستانەوە، نەک هەر بە زیانی هاولاتیانی کوردستان دەکەوێتەوە بەلکو بە زیانی لێپرسراوان خۆشیان چونکە کاغەز تەمەنی درێژە وە هەر کاتێک دەرفەتێک هەلکەوێت بۆ لێپرسینەوە لە پێشێلکاری یەکانی مافی مرۆڤ، ئەوا لەو باوەڕەم خەلقانێکی زۆر هەن سازش لە مافەکانی خۆیان ناکەن وە بە ڕێگای یاسایی تۆلەی تاوانەکانی ڕابردو لە و جۆرە لێپرسراوانە دەکەنەوە.

چارەنوسی هەرێمی کوردستانیش پابەندە بە پارێزگاری کردن لە مافی مرۆڤ لە سەر ئاستی ناوخۆدا چونکە بونی هەرێم خۆی لە خۆیدا پشت بە مافی مرۆڤی بە کۆمەل دەبەستێت کەوا مافی چارەنوسە هەروەکو لە هەر یەک لە مادەی 1ی ڕێککەوتنامەی مافە شارستانیو سیاسی یەکانو ڕێککەوتنامەی مافە ئابوریو کۆمەلایەتیو کولتوری کاندا هاتوە. هەرێمێک چۆن دەتوانێت لە سەر ئاستی نێو دەولەتی پشت بە مافی چارەنوس ببەستێت کەوا بەشێکە لە یاسای نێودەولەتی وە لە هەمان کاتدا لە سەر ئاستی ناوخۆدا دان بە یاسای نێودەولەتی مافی مرۆڤ نەنێت کەوا ئەم هەردو ڕێککەوتنامەیەی سەرەوە بەشێکن لێ ی. پەرلەمانی کوردستان هەر هیچ نەبا دەبوا ئەم دوو ڕێککەوتنامەیە بگوازێتەوە بۆ سیستەمی یاسایی ناوخۆی هەرێم. وە هەتا ئەگەر سەیری ڕێککەوتنامەی قەدەغەکردنو سزادانی جینۆسایدیش بکەین، کەوا گەلی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی خۆی بۆتە قوربانی ئەم تاوانە، دەبینین پەرلەمانی کوردستان بە هیچ هەنگاوێک هەلنەساوە بۆ قەدەغەکردنو سزادانی تاوانی جینۆساید لە ڕێگای دەرکردنی یاسایەکەوە.

لەوانەیە ئەم کەمتەرخەمی یەی پەرلەمان زیاتر هۆیەکەی بگەرێتەوە بۆ نەزانینو جەهالەت نەک دەستی ئەنقەست.

هۆیەکی تری گرنگی چاودێری نەکردنی یاساکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەوا ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراوانی هەرێمی کوردستان لە ڕابردوو ئێستاش دەستیان لە پێشێلکردنی قورسی مافی مرۆڤ هەبوەو هەیە، وەکو کوشتنو، ڕفاندنو ئەشکەنجەدان، جا بۆیە هەمو کارێک دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگا لەم جۆرە یاسایانە بگرن تاکو ڕۆژێک لە ڕۆژان توشی لێپرسینەوە نەبنەوە.

جاریش وایە هەندێ لە لێپرسراوان فیزی ئەوەمان بە سەرا دەکەن کەوا گوایە کوردستانیان ڕزگار کردوە وە بۆیە خۆیان بە شایەنی ئەوە دەزانن ئیمتیازیاتیان هەبێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا لە هورێنە زیاتر هیچی تر نی یە، چونکە لای هەمومان ئاشکرایە کەوا هەرێمی کوردستان لە 1991 وە تا ئێستاش ئەمریکیەکان کان بە هێزی چەک دایانمەزراندو پارێزگاریشی لێ دەکەن، ئەگەر نا هەر ئەم لێپرسراوانەی ئێستا بە لوتبەرزی یەوە لە سایەی ڕەحمی ئەمریکاوە لە سەر کورسی یەکانیان دانیشتون، چارەنوسیان دەبێتە ڕاکردنو ئاوارە بون، وە دیارە هەندێکیان بۆ ئەم مەبەستەش خۆیان لە لایەنی مادی یەوە باش قایم کردو بە تایبەتی لە دەرەوە.

لە لایەکی تریشەوە پالپشتی کردنی ئەمریکی یەکان بۆ هەرێمی کوردستان نەک هەر دیاردەیەکی چارەنوسی یە  بۆ مانەوە هەرێم،  بەلکو دەشتوانێت ببێتە ئامرازێک بۆ چەسپاندنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا، ئەمیش لە ڕێگای ئاراستەکردنی داواکاری یەکانی  خەلقی کوردستان بۆ دابین کردنی مافەکانیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ گەلو حکومەتو کۆنگرێسی ئەمریکی، بە پشت بە ستن بە یاساکانی ئەمریکا خۆی.

یاسا فیدرالی یەکانی ئەمریکا، بە تایبەتی یاسای 502 وە 116 کەوا بە **Federal Foreign Assistance Act** ناسراون، یارمەتی ئابوریو سەربازی ئەمریکی بۆ هەر ولاتێک دەبەستنەوە بە باری مافی مرۆڤ لەم ولاتەدا. ئەگەر بە گوێرەی ئەم یاسایە بێت ئەوا هەرێمی کوردستان نابێت هیچ یارمەتی یەکی ئابوریو سەربازی لە ئەمریکا دەستکەوێت، چونکە مافی مرۆڤ لەم هەرێمەدا بونی نی یە. ڕاستە ئێمە هەرگیز نامانەوێت کەوا ئەمرکیا دەست لە هەرێمی کوردستان بەردات ئەگەرنا دیسان ڕوبەڕوی ڕەشەکوژیو داگیرکردنی بیانی دەبینەوە، بەلام دەتوانین پالەپەستۆ بخەینە سەر ئەمریکا تاکو توانای خۆی لە کوردستاندا لە پێناوی دابینکردین مافو ئازدی یە بنەڕەتی یەکان بە کار بێنێت، کەوا ئەمانیش خۆیان لە خۆیاندا لە بەها بنەڕەتی یەکانی کۆمەلگای ئەمریکین.

لە بەرژەوەندی هەرێمی  کوردستانە بە هاولاتیانو دەسەلاتشەوە کەوا هەتا زوە مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی یاسایی دابین بکرێت، ئەگەرنا کە بو بە زۆر بە زیانی دەسەلات دەکەوێتەوە.